www.kurdistannet.org
2006-10-05 23:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بانگەوازێکی هاوبەش بۆ کۆمەڵگای کوردی لە نۆروێژ

هاو نیشتمانان!

خوشک و برایانی خۆشەویست!

هەر وەک دەزانین ئەوە چەند ساڵە ڕێکخراوی شورای نۆروێژی بۆمافەکانی کوردان، بە هەوڵ و کۆششی ژمارەیەک کەسایەتی نۆرویژی و کورد، لە وڵاتی نۆروێژ دامەزراوەولە بوارەجۆراوجۆرەکاندا خزمەت بە کورد و مافەڕەواکانی دەکا.

ڕێکخراوی شورای نۆروێژی بۆمافەکانی کوردان لە راستی دا تەنها رێکخراوێکی نۆرویژی یە کە داکۆکی کردن لە مافە ئینسانی یە کانی کوردی کردۆتە سەرلەوحەی کارو چالاکییەکانی خۆی لەم وڵاتەدا. ئەو رێکخراوە ئاڵقەی پێوەندی نێوان کۆمەڵگای کوردی نۆروێژو دامودەزگا دەولەتی و سیاسی یەکانی نۆروێژەو لە وەش زیاتر، شوێنەوارێکی بەرچاوی لەسەر بیروڕای گشتی بە قازانجی کێشەی رەوای کورد و مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ئێمەی کورد لەو ولاتە دا، هەیە.

ڕێکخراوی ناوبراو بۆ در یژەدان بەکارو هەڵسوڕانی خۆی پێویستی بە ئیمکاناتی ماڵی و پشتیوانی کوردستانیانی دانیشتوی نۆروێژ هەیە. بە داخەوە ئێستا ئەم ریکخراوە لە باری ماڵی و ئیمکاناتی ماددی یەوە لە وەزعیکی زۆر سەخت و دژواردا بە سەردەبا. بەگوێرەی وتەی کارگێرانی ئەو رێکخراوە کە پێوەندیان لە گەڵ ئێمە گرتوە، ئەگەر وەزع ئاوا بڕواتە پێش لەسەرەتای سالی تازەی زاییینیەوە، کاروچالاکییەکانی ڕێکخراوی شورای ناوبراو رادەوەستێت.

بەلەبەرچاوگرتنی رۆڵی گرنگ و پڕبایەخی ڕێکخراوی شورای نۆروێژی بۆمافەکانی کوردان بە قازانجی ئێمەو مەسەلەی رەوای گەلەکەمان لە ولاتی نۆروێژ، بە جێ یە پشتیوانی لێ بکەین و نەهێڵین لە کارو چالاکی بکەوێ.

گومانی تێ دانیە کە لە سالانی داها تودا ڕێکخراوی شورای نۆروێژی بۆمافەکانی کوردان دەتوانێت نەخشی زۆر لەوە باشترو گەورەتر لە داکۆکی کردن لە مەسەلەی کورد دا بگێرێ و چالاکانەتر خزمەت بە کۆمەڵگای کورد لە نۆروێژ بکات. هەر بۆیە پشتیوانی کردن و یارمەتی دانی ڕێکخراوی شورای نۆروێژی بۆمافەکانی کوردان کارێکی دروست و بەجێ یە. بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ژمارەیەکی زۆر کورد لە وڵاتی نۆروێژ دەژین و ئەو رێکخراوەش لە پێشدا بە قازانجی ئەوان کاردەکا، نابێ ڕێگا بدرێت هەروا سوک و ئاسان، پاش تەمە نێک کارو چالاکی، ریکخرای ناو براولە هەڵسوڕان بکەوێ. بۆیە داوا لە گشت کوردستانیانی دانیشتوی نۆروێژ دەکەین، بە بوون بە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا و ناوی خۆ نووسین لە لیستی ئەندامانی دا، ڕێکخراوی شورای نۆروێژی بۆمافەکانی کوردان لە و قەیرانە ماڵی یە رزگاربکەن. بەو هیوایە کە ئێوەی بەرێز بە پیر بانگەوازەکەمانەوە بێن و شورای نۆروێژی بۆمافەکانی کوردانیش لە داهاتوشدا لە دیفاع کردن لە مافەکانی کورداندا هەروا چالاک و شێلگیربێت.

سەرکەوتوبن

ناوەندی هاوکاری کۆمەلەکولتوری یەکانی کورد لە نۆروێژ

یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ

یەکیەتی خوێنکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ

06 .09 .30

ئۆسلۆ